نۆڤلێت

# خەونی پیاوێکی پێکەنیناوی

## فیۆدۆر دۆستویڤسکی

نۆڤلێت

# خەونی پیاوێکی پێکەنیناوی

## فیۆدۆر دۆستویڤسکی

**وەرگێڕانی**

**بەهزاد حەوێزی**

**٢٠٢٤**

## دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **خەونی پیاوێکی پێکەنیناوی** (نۆڤلێت)
- فیۆدۆر دۆستویڤسکی
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: بەهزاد حەوێزی
- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: نەرمین جومعە (عصیر الکتب للنشر و التوزیع)
- نەخشەسازیی ناوەوە: گۆران ڕواندزی
- نرخ: (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار
- چاپ: (یەکەم) ٢٠٢٤
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: هێڤی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە

زنجیرەی کتێب (١١٤١)

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

## بەرکوڵ:

خوێندنەوەی دۆستویڤسکی، واتە خود- خوێندنەوەیەکی قووڵ، سەرسوورهێنەر بە جۆرێک هەموو شتێک رووەو ناخ و دەروون و ناوەڕۆکدا پەلکێشت دەکات و رێدەگریٚ، هەرچەندە ئەو رەگەز و دیاردانە لە رووکار و رواڵەتدا روون و رۆشنن.

ئەو رووکردنە نێو ئیش و ئازار و خۆزگە و خەمەکانی ئادەمیزد خۆی لە دوو دیوی ئامراز و ئامانج دەبینتەوە: بەختەوەریی و راستی.

ئەو کار و مەبەستەش هەوڵ و تێکۆشان و قوربانی و خۆنەویستی پێویستە بۆ گەیشتن بە بەهەشتی خۆشەویستی و لێبوردەیی و ژیانی راستەقینە.

ئەو هەقیقەتەی نووسەریش مەبەستیەتی لەو دیوی کات و شوێن دایە بۆیە پێی رەهایە و لەگەڵ چەمکی ئەبەدیەت رێکدێتەوە بە رۆژگاری ئەمڕۆشمانەوە.

ب.حەوێزی

٢٠٢٢/١١/١٥

# خەونی پیاوێکی پێکەنیناوی

من پیاوێکی پێکەنیناویم..ئێستاکەش بە شێت ناوزەدم دەکەن، دوور نییە ئەو وەسفەش بۆ من شیاو بێت، بەو مەرجەی ئەگەر بێ و چیتر بە پێکەنیناویم دانەنێن هەروەک چۆن پێشتر ئەو ناوەیان لێ نابووم، بەڵام من لەمەودوا لێیان تووڕە نابم، هەرچەندە قەشمەریم پێدەکەن، بەڵام هەر هەموویان بۆ من دڵنەرم و چاکن، بگرە ئەوکاتەی ئاواش دەکەن زێدە دڵنەرمترن، جا ئەگەر هێندە دڵتەنگ نەبوایەم ئەوە منیش سەیرم دەکردن و لەگەڵیانا پێدەکەنیم- هەڵبەت بە خۆم نا-بەڵکو بۆ ئەوەی دڵیان خۆش بکەم، من زۆر زۆر خەمبار و دڵتەنگم لەبەرئەوەی دەیانبینم هەقیقەت فەرامۆش دەکەن، کەچی من پێی دەزانم، چەندە ئەستەمە بۆ یەکێک بەتەنیا بە هەقیقەت بزانێ، ئەستەمە ئەوان لەمە گەیشتبن.

نەخێر. تێنەگەیشتن..

لەمەوبەر کە پێکەنیناوی بە دیار دەکەوتم، زۆر ئازارم دەچەشت، لەبەرچی دەڵێم بە دیار دەکەوتم، خۆ پێکەنیناوی

بووم، ئاخر هەمیشە پێکەنیناوی بووم، چاک دەزانم، رەنگە هەر لە منداڵیەوە وا بووبم، دووریش نییە هەر لەتەمەنی حەفت ساڵییەوە بەمەم زانیبێ، پاشان چوومە دواناوەندی، ئینجا زانکۆ، جا چەندە زیاتر خوێندبام هێندەش یەقین بووم لەوەی من پێکەنیناویم، تەنانەت وەکو بڵێی هەموو خوێندنی زانکۆم بۆ ئەوە بوو کە بۆم بسەلمێنێ و قەناعەتم پێبێنێ – بە قەد قووڵبوونەوەم لە زانستەکان- کە من کەسێکی پێکەنیناویم، جا چ لە رووی زانست یا ژیان.

ساڵ بە دوای ساڵ گومانم نەدەما کە من لە گشت بوارێکدا روخسارێکی پێکەنیناویم هەیە، لە هەموو شوێنێکدا هەمووان پێم پێ دەکەنین یا هەموانم بە پێکەنین دێنا، بەڵام کەسێک نەبوو تێبگات کە ئەگەر بێتوو یەکێک لەسەر ئەم زەوییە هەبێت درک بەوە بکات کە من چەندە مایەی پێکەنین و پێکەنیناویم ئەوە بە سانایی ئەو کەسە منم.

کاتێک ئەوان ئەو راستییە فەرامۆش دەکەن من زۆر خەمین و دڵتەنگ دەبم، رەنگە لێرەدا منیش هەڵە و خەتابار بم، من هەمێشە سەربەرز و دەروون پاک و بە شکۆ بووم بە جۆرێک ئەمە هەمیشە وەک بەربەستێک وابوو بە شێوەیەک بۆ کەس دانی پیانەنێم، ئەم خەسڵەتەش لەگەڵما نەشونمای کرد، جا ئەگەر هاتوو رۆژێک لە رۆژان ناچار ببم لەبەردەم کەسێک دانی پیابنێم کە من پێکەنیناویم ئەوە ناگاتە

ئێوارەکەی و کە لەسەرم بە گولەی دەمانچەیەک دەپژێنم، لە هەرزەکاریما چەندم ئازار لەو رووەوە چەشت، کە نەتوانم بەرگەی ئەوە بگرم و لەبەردەم هاوڕێیانم دانی پیا بنێم، کە من پێکەنیناویم، وەلی لە گەنجیما -هەرچەندە ساڵ بە ساڵ بەو چۆنیەتییە سەیروسەمەرەیەم دەزانی- ئیتر لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان زێدە هێمنتر و ئاسوودەتر بووم.

گشت ئەمانەش لەپای ئەوەبوو بەتەواوەتی بە هەقیقەتی ئەو حاڵەتەی خۆم نەدەزانی، رەنگە ئەمەش لەبەرئەو نائومێدییە بێسنوورە بێ، کە بە هۆی حاڵەتێکی تری لە من بەهێزتر بەسەرما زاڵ ببوو، حاڵەتێک تیایا بە شێوەیەکی زۆر نەگۆڕ و پتەو بڕوام بەوە هێنا، کە هیچ شتێک نییە لەو ژیانەدا "مایەی بایەخ پێدان بێ".

جاران شتەکە تەنیا گومان بوو، وەلی پاشان بەتەواوەتی بڕوام کرد و لە ناکاویش یەقین بووم لەوەی ئەو راستییە هیچ گومانێک هەڵناگرێ، لەهێکڕاش وام هەست کرد، کە مەبەست لێرەدا من نیم ئیتر ئەو جیهانەش هەبێ یا نەبێ.

بەو جۆرە بە هەموو هێزوتوانامەوە هەستم بەوە دەکرد کە(هیچ شتێک لە ئانوساتی بوونما بوونی نییە)سەرەتا وام زەن دەکرد کۆمەڵە شتێک پێشتر هەبوون، ئینجا درکم بەوە کرد، پێشتریش هیچ شتێک بوونی نەبووە و نییە، وەلی لەبەر

هۆیەک لە هۆیەکان ئەو هەبوونەم زەن دەکرد، ئیتر وردە وردەش یەقین بووم کە هیچ شتێک، هەرگیز نابێت.

ئیتر لەناکاوا وام لێهات نەک هەر لە خەڵک تووڕە نەدەبووم، بگرە بە هەبوونیشیانم نەدەزانی.

ئەمەش لە هەندێ وردەکاریی رۆژانەدا رەنگی دایەوە: بۆ نموونە کاتێ من بەڕێگادا دەڕۆم بەر خەڵک دەکەوم، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە، کە لە بیرکردنەوەیا رۆدەچم: بیر لە چی بکەمەوە، ئەوکاتە بیرم لە هیچ شتێک نەدەکردەوە" لەبەرچاوما شتەکان هەرهەمووی وەک یەک وابوون، هەموو شتێکم فەرامۆش کردبوو و بیرم لە وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک نەدەکردەوە، داخوا چ پرسیارێک هەیە بە لامەوە گرنگ بێ و سەرقاڵم بکات؟ (بایەخم بە هەر شتێک نەدەدا)هەر بۆیەش پرسیارەکان دوور دوور پەرتەوازە و پەرشوبڵاو بوونەوە.

ئیتر بەوجۆرە بۆ لەمەودوا بەرچاوم روون بۆوە، درکم بە هەقیقەت کرد، لە تشرینی دووەمی رابردوو، کتومت لە سێی ئەو مانگەدا، ئیتر لەوساوە ئەو ئانوساتانەم لە یادگەما هەڵکۆڵی، ئەستەمیشە لە یاد بکرێ.

ئەمە لە شەوێکی ئەنگوستەچاو روویدا، تاریکترین شەوانی ژیانم، کاتژمێر یازدەی شەوبوو دەگەڕامەوەماڵەوە، ئەوسا شتێکم بە هزر داهات، وەک بیرم بێ، مەحاڵ بوو

تاریکاییەکی ئاوای بەرچاوم بوونی هەبێ گەر لە رووی فیزیکیشەوە بێ.

ئەو رۆژە باران لێی نەکردەوە، بارانێک زۆر سارد و خەمۆکبار، بەڵکە زۆر وادەدار و دوژمندار، ئەوەم چاک لە بیرە، ئیتر لە ناکاوا کات یازدەی شەو بارانەکە وەستا، ئینجا شێی خاکەکە زیاتروتوندتر لە سەرمای تەزیوی باران هەواکەی ساردتر کرد، لەسەر شەقام و کۆڵانەکانیش تاچاو بڕ بکا هاڵاوگەلێ بەرچاو دەکەوت.

ئەوسا بە بەر زەینم داهات بە کوژاندەنەوەی هەموو گڵۆپە گازییەکان دڵخۆشییەک دێتە کایەوە، ئاخر رۆشناییەکەیان خەمۆکی زیاتر دەکەن، ئەو رۆژە نانی نیوەڕۆم نەخواردبوو، دەمەو ئێوارەکەیش سەردانی ئەندازیارێک و کچە هاوەڵەکەیم کرد، ئەو ئێوارەیە کڕوکپ، بێدەنگ بەجۆرێک دیار بوو لێم وەڕس ببوون.

قسە و گفتاریان سەرنجڕاکێش بوو، بە گوڕ و تینەوە دەدوان، وەلی تینێکی ناسروشتی، بایەخیان بە تەوەری گفتوگۆکەیان نەدەدا، ئەمەش دنەی دام تا لە هێکڕا بڵێم"بەڕێزان، لەراستیدا ئێوە بایەخ بە شتەکان نادەن"لێم تووڕە نەبوون، بەڵام بە گاڵتەوە پێکەنین، رەنگە لەبەرئەوە بێ من بەبێ گلەیی و سەرزەنشت ئەمەم وتبێ و بەبێ

گرێوگۆڵ مەبەستم هیچ شتێک نەبووبێ، بۆیە خۆشنوود بوون.

کاتێک بە رێگاوە بیرم لە گڵۆپە گازییەکان کردەوە سەیری ئاسمانم کرد، زۆر تاریکو نووتەک بوو، زۆر ئەستەم بوو درزی نێوان هەورەکان جیابکەیتەوە، لەو مابەینەشیان پەڵەی تاری رەش، قووڵ بەدیدەکرا، لە یەکێک لەو پەڵانە توانیم ئەستێرەیەکی بچووک ببینم، دڵم خۆش بوو، لێی رامام، ئەستێرەکە بیرۆکەیەکی لا چەکەرە کردم:

ئەو شەوە بڕیاری خۆکوشتنم دا، بەر لە دوو مانگ رژد بووم لەسەر خۆکوشتن، سەرباری نەداریشم دەمانچەیەکی نایابم کڕی، هەمان رۆژ شانەیەکەیشم پڕ گولە کرد، ئینجا دوو مانگ رەت بوو دەمانچەکەش هەر لە چەکمەجەکە خەوتبوو، جا هێندە بێخەم بووم دواجار بە ئومێدی یەک خوولەک بووم تیایا هەست بەوە بکەم کە شتێک هەیە شایانی بایەخدان بێ، لەبەرچی؟ نازانم، ئیتر بەو جۆرە لە مەیانی ئەو دوو مانگەدا هەموو رۆژێک دەگەڕامەوە ماڵ، بیرم لە خۆ کوشتن دەکردەوە و چاوەڕوانی ساتێکی گونجاو بووم.

ئێستاش ئەو ئەستێرەیە بیرۆکەیەکم پێدەبەخشێت، ئەوەی مەبەستمە "خود"ی ئەو شەوە جێبەجێی بکەم، ئەی لەبەرچی ئەو ئەستێرەیە ئەو بیرۆکەیەی پێدام-ئەمەیان نازانم! ئەو

کاتەی سەیری ئاسمانم دەکرد، کیژۆڵەیەک سەرقۆڵی گرتم، ڕێگا چۆڵ و هۆڵ، تەنیا لەدوورەوەڕا گالیسکەوانێک لە جێوە خەو دەیبردەوە، منداڵەکە هەشت ساڵ دەبوو، دەسرێکی لەسەر بەستابوو، تەنیا بە جلی ئاسایی بێ پاڵتۆ سەرتاپایشی تەڕ ببوو، پێڵاوە کون کونە تەڕبووەکەی سەرنجی ڕاکێشام بەجۆرێک هێشتاکە لە هزرم کاڵ نەبۆتەوە.

تاوێک نیگام بەسەر پێی ناو پێڵاوەکانی لەنگەری گرت، کچۆڵەکە هێشتا سەرقۆڵەکەی گرتبووم و داوای دەکرد فریای بکەوم، نەدەگریا، هێندە تەنگەتاویش بوو چەند وشەیەکی لە قوڕگا قەتیس ببوو، لەبەر سەرما و هەڵلەرزینی دیار بوو لە شتێک ترساوە، ئینجا نائومێد قیژاندی"دایکم، دایکی خۆشەویستم"ڕووم تێکرد و هیچم نەوت، بەردەوام بووم، بەدوامدا ڕایکرد، ڕایتەکاندم، دەنگی بەرز بۆوە چەشنی منداڵە تۆقیوو بێدەرەتانەکان، من بەو جۆرە دەنگانە بەڵەدم و دەزانم، هەرچەندە ئەو وای نەوت، لە ڕۆیشتن بەڵام من مەزندەم دەکرد دایکی لە شوێنێک لەسەرەمەرگایە یا شتێکی مەترسیداری بەسەرداهاتووە و دەیەوێ کەسێک بەهانایەوە بچێت، کەسێک یارمەتی بدات، بەڵام من لەگەڵیا نەچووم، بەڵکە دەبوو وازی لێبێنم، بەر لەهەر شتێک پێم وت لە پۆلیس بگەڕێ، بەڵام ئەو بە پەلە دەستە بچکۆڵەکانی

جووت کرد و پاڕایەوە، ئینجا بە تەنیشتما ڕێی کرد، منیش پێم بە زەویەکە داکوتا و هەنگاوم نا، ئەویش بەسەرما قیژاندی"گەورەم!..بەڕێزم"هەمانکات و لەناکاو وەک تیر جادەکەی بڕی بۆ ئەوبەر بۆ لای کەسێکی تر لە شۆستەکەی بەرامبەر.

گەڕامەوە نهۆمی پێنجەم شوقەیەکی ڕاخراوی ئامادە، ژوورەکەم هەژارانەو بچووکە، بێ پەنجەرە، تەنیا یەک کڵاورۆژنەی بچووکی تیایە، دیوەخانەیەک و مێزێک بە چەند کتێبێکەوە، دوو کورسی نابووت و بێڕەزا، بەڵام لە تەرزی ڤۆڵتێر.

دانیشتم، چراکەم داگیرساند و کەوتمە بیرکردنەوە، لە ژوورەکەی بەرامبەرم هەراوهۆریا بوو، ئاخر سێ رۆژ بوو دەنگەدەنگ دەهات، لەوێ کاپتنێکی خانەنشین دەژیا، ئەمجارەیان شەش کەسی خوێڕی سەریان لێداو ڤۆدکایان خواردەوە و بە کاغەزی کۆن یاری"فیرعەون"یان دەکرد، شەوی رابردوو بەیەک هەڵشاخان، ئاگام لێبوو دوانیان دەمێک بوو پرچی یەکتریان رادەکێشا، ژنەکەی دەیویست شکاتیان لێ بکات، بەڵام نەیدەوێرا، چونکە زۆر لە کاپتنەکە دەترسا.

جگە لە ئێمە ئافرەتێکی کورتە باڵای لەڕولاوازیش لەو نهۆمە بوو، بێوەژنی ئەفسەرێک بوو، لەگەڵ سێ مناڵی

رووی لێرە کرد، ئەوانیش هەر زوو نەخۆش کەوتن، لە کاپتنەکە دەترسان و هەترەشیان لێچووبوو، بۆیە بە درێژایی شەو دەلەرزین و هێمای خاچیان دەکێشا، تەنانەت منداڵە هەرە بچوکەکەش لە ترسانا حەجمینی نەبوو.

من دەمزانی ئەو کاپتنە ڕێبوار و هامشۆکەرانی لە شەقامی نیفسی رادەگرت بۆ خێرپێکردن و سەدەقە، کەسیش داوای گەڕانەوە بۆ خزمەتکردن یا کارکردنی لێ نەدەکرد، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە(هەر ئەمەشە هۆی باسکردنی)ئەو کاپتنە یەک مانگە لێرە دەژی، کەچی من بەرامبەری هەستم بە هیچ شتێکی ئەوتۆ نەکردووە، هەر لە یەکەم دیداریشا یەکترمان ئاوا نەناسیوە، ئەگەرچی ئەگەر وانەبوایە رەنگە ئەو پیاوە لە یەکەم دیدارمانا هەستی بە بێزاری و وەڕەسی کردبوایە، لەلایەکی ترەوە من گوێم نەدەدایە هەراهۆریاکانی ئەوانەی ئەو دیو دیوارەکە  جا ژمارەیان هەرچەند بێت، چونکە بۆ من وەک یەک وابوو.

من بە درێژایی شەو دادەنیشتم، لە راستیشدا گوێم لێ نەدەگرتن یان گوێم لێیان نەبوو، بەڵکە هەر لە بیریشم کردبوون، وا راهاتبووم بە درێژایی شەو لەبەردەم مێزەکە دانیشم بەبێ ئەوەی هیچ بکەم، سەبارەت بە خوێندنەوەش بەتەنیا بە رۆژ دەمخوێندەوە، تەنیا دادەنیشتم و بیرم نەدەکردەوە، هەرچەندە هەندە بیروڕام بە مێشک دادەهات،

بەڵام هەر بەزوویی ئەوانیشم بەرهەڵدەدا تا سەربەستانە ببن بە هەڵم.

ئەو شەوە مۆمەکە بەتەواوەتی سووتا، منیش بێدەنگ لەسەر مێزەکە دانیشتووم دەمانچەکەیشم دەرهێناوە و خستومەتە سەر مێزەکەی بەردەمم، هاوزەمان بیریشم هاتەوە، کە من لە خۆم پرسی"کەواتە ئاوا؟"ئینجا وەڵامم دایەوە"بەڵێ"واتە خۆم دەکوژم، دەشم زانی من بە زۆری ئەو شەوە خۆم دەکوژم، بەڵام تا کەی ئاوا پێش ئەوەی ئەمە ئەنجام بدەم لە نزیک مێزەکە لەسەر کورسیەکەم دانیشم، من نەمدەزانی، بێگومانیش بووم لەوەی ئەگەر ئەو کچۆڵەیەم هەمان شەو لە شەقامەکە نەبینیبا ئەوە خۆم دەکوشت، هەرچەندە شتەکانی دەوروبەرم بەلامەوە گرنگ نەبوون، وەلی من –بۆ نموونە-هەستم بە ئازار دەکرد.

ئەگەر کەسێک لێی دابام هەستم بە ئێش و ئازار دەکرد، هەروەها سەبارەت بە پرسە ئەخلاقی یا ویژدانییەکانیش هەمان شت: کاتێک شتێکی زۆر خەمگیناوی روودەدات، هەست بە خەمێکی قووڵ دەکەم هەروەک چۆن کاری من بێ گرنگی بە دنیای دەوروبەرم بدەم، بەر لە کەمێک هەستم بە بەزەیی کرد: دەمتوانی بەبێ دوودڵی یارمەتی ئەو کچۆڵەیە بدەم، ئەی لە بەرچی نەمکرد؟ رەنگە بە هۆی ئەو بیرۆکەیە بێت کە تەقیەوە کاتێک کیژۆڵەکە سەرقۆڵی گرتبووم و

هانای بۆ هێنابووم، بیرۆکەیەکە خۆی لە پرسیارێکی ئاوا دەبینێتەوە کە لە ناکاودا دێتە پێش چاوم و نەتوانم چارەی بکەم.

پرسیارێکی شاراوە و پەنهان، وەلی وروژێنەر، وروژێنەر، لەبەرئەوەی بە دەرەنجامێکی گەیاند، کە دەڵێ: لەبەرئەوەی مکوڕم لەسەر ئەوەی ئەم شەوە ژیانم کۆتایی پێ بێنم ئاوا باشتر بوو ئەو ساتانە زیاتر لە پێشتر دنیا فەرامۆش بکەم.

کەواتە لەبەرچی لەناکاو پاشان بەرامبەر بەو کچۆڵەیە هەستم بە بەزەیی کرد و پێی سەرقاڵ بووم؟ بیرمە ئازاری دام، زۆریشم سک پێ سووتا، بەڵام ئەمە لەگەڵ حاڵی من و ئەوەی مەبەستمە ڕێک نایەتەوە.

لەراستیدا خۆم بێتوانا دەبینیەوە لە ئاست بەرجەستەکردنی ئەو هەستونەستەی لەو ئانوساتەدا بەسەرما زاڵ ببوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەستونەستێک بوون هەرگیز لیّم دانەدەبڕان، کاتێکیش لە ژوورەکەم لەبەردەم مێزەکەم دانیشتم ناخ و دەروونم هەڵایسا بەجۆرێک ساڵەهای ساڵ وێنەی نەبووە، ئیتر دادگەرێتیی ئەقڵیانە یەک بە دوای یەک دێنە بەر دیدە، منیش ئەقڵم سەرپشک کرد:

لەبەرئەوەی من ئادەمیزادم و (عەدەم-سفر)نیم و هێشتاکەش نەبوومەتە سفر، کەواتە من زیندووم، بۆیەش

ئازار دەچێژم و هەڵدەچم و شەرم لە هەڵە و خەتاکانم دەکەم، چاکە! ئەگەر بێتوو ژیانم کۆتایی پێهێنا داخوا شتێک هەیە پاش دوو سعات بە لامەوە گرنگ بێ، بۆ نموونە پرسی کیژۆڵەکە و شەرم هەرچی لەسەر رووی زەوییە؟ ئەوساکە دەبم بە سفر، سفرێکی رەها.

ئایا شتێکی مەنتیقییە ئیمانم بەوە بێت کە من پاش کەمێکی تر بوونم نییە و سڕاوەتەوە، ئەمەش واتە نەبوونی گشت جیهان، ئایا مەنتیقییە ئەو زانینەم چ کاریگەرییەکی نەبێ بەسەر هەستکردنم بە بەزەیی بەرامبەر بە کیژۆڵەکە و هەستکردنم بە شەرمەزاریی لە ئاست ئەو کردەوەیەم کە ناویژدانییە؟.

کاتێک پێیەکانم دا بەزەویدا و هاوارم لەسەر کرد، دڵی ئەو کیژۆڵە بەستەزمانەم شکاند، ئەو رەفتارە بەدکارییە چییە، خاڵی لە هەستونەستە مرۆڤایەتییەکان مەگەر تەنیا بۆ ئەوە بوو بیسەلمێنم، کە من ببڕاییبڕ ئیدی هەست بە بەزەیی ناکەم، بگرە بەڵگەی هێز و تواناشم بێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی خراپ هەر لەبەرئەوەی من پاش دوو سعاتی دیکە ئەو دنیایە بەجێدێڵم.

داخوا کەس بڕوا دەکات ئەمە هۆکاری هاوارکردنەکەم بێت؟

ئیتر تارادەیەک گومانم لەوە نەبوو.

زۆر بە روونی وام خەیاڵ دەکرد وا ژیان و گەردوون خۆیان بە من هەڵواسیوە و گرتووە، تەنانەت من دەتوانم بڵێم، کە جیهان تەنیا بۆ من رەخساوە، هاکە گولەیەکم لە خۆدا ئیتر جیهانیش بوونی نامینێ، لانی کەم بەلای منەوە، ئێستاش ناهێڵم کە لە راستیدا شتێک پاش من بوونی هەبێ، هەر هێندەش مۆمی هۆشوگۆشم کوژایەوە ئیتر لە هەمان ساتدا هەروەک تارمایی، گشت جیهانیش دەهەڵمێ، لەبەرئەوەی گشت ئەمانە و مرۆگەلیش تەنیا منن و بەس.

بیرمە من لەسەر مێزەکەم خەریک بووم ئەو پرسیارانەم هەڵگێڕووەرگێر دەکرد و بەسەردەکردەوە، سەرباری تەئویلات و پرسیارگەلی تریش.

بۆ نموونە، وادەهاتە پێش چاوم شتێکی زۆر سەیر وەکو بڵێی پێشتر لە رابردوودا من لەسەر مانگ یا مەریخ ژیابم، جا لەوێش خەتایەکی ئەوتۆم کردبێ بە رادەیەک دزێو و ناپەسەند بە جۆرێک مەزەندەکردنی مەحاڵ بێ، ئیتر شەرمەزار و خەوشدار مەگەر تەنیا لە خەونە تێکەڵ و پێکەڵ و شپرزەکاندا ببینین.

ئینجا لە ناکاودا لەسەر رووی زەوی بە هەگبەی ئەو هەستونەست و وێنانەی تایبەت بە کاروکردەوەم، خۆم لەسەر ئەو هەسارەیەدا بینیەوە، وەلی من لەبەرهەر هۆیەک بێ نامەوێ بگەڕێمەوە ئەوێ، من لە سەر زەویدا چاویشم

هەر لە مانگە، داخوا ئەوسا دەشێ هەرچی لەوێ رووودەدات فەرامۆش بکەم؟ ئایا هەست بە شەرمەزاری دەکەم لەوەی لەوێ کردوومە؟.

کۆمەڵە پرسیارێکی بێهوودە و بێسوود، دەمانچەکە بەرامبەرمە، هەڵبەتە هەروەک سوورم لەسەر خۆ کوشتنم، بەڵام ئەو پرسیارانە ناخ و دەروونمی داگیرساندووە و رێی مەرگیان لێگرتووم بەر لەوەی چارەیەکیان بۆ بدۆزمەوە بەیەک وشە:

ئەو کیژۆڵەیە ژیانی رزگار کردم، ئەو پرسیارانەش دەمانچەکەیان دوورخستەوە.

بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەی کاپتن کێشابوو، لە یاریکردن ببوونەوە و خەریک بوو دەخەوتن، تەنیا چرپەوکپەی پچڕپچڕ دەهاتە گوێ یا تاکوتوک جوێندان بوو، جا جیا لە رۆژانی دی لە ناکاو خەو بردمیەوە بێئاگا لەو دەریایە نقووم بووم.

خەونەکان، وەک دەڵێن، شتگەلی سەیرن، هەندێکیان بە ژاوەژاو، روون بە هەموو وردەکارییەکانیانەوە وەک دراوێکی ئاوها نەخشێنراوی دەستی دارێژەرێک، هەندێکی تر تەنیا گەشتێکی دەریاییە لە مەیانی کات و شوێندا بەبێ ئەوەی شتێکی تیا بخوێندریتەوە، بەبێگومان واپێدەچێ ئەوەی دنەی خەونەکانمان دەدات حەزو ئارەزووییەکە بەبێ

ئەقڵ، دڵ بەبێ مێشک، لەگەڵ ئەوەشدا ئەقڵم جاروبار لە خەونەکانما رۆڵێکی هەرە گەورە دەگێڕێ، جا شتگەلی ئاوها دەورووژێنێ سەیروسەمەرە بەجۆرێک شیناکرینەوە و لێکنادرێنەوە!.

بۆ نموونە برایەکم هەبوو بەر لە پێنچ ساڵ مرد هەندە جار دەهاتە خەونم، پێکەوە کارمان دەکرد و کاتێکی خۆشمان بە سەردەبرد، جا ئەو کاتانەش دەمزانی کە مردووە و نێژراوە، جا چۆن سەیرم پێ نەیەت مردووە، کەچی لە تەکما دانیشتووە و گفتوگۆ دەکەین؟.

ئاخۆ لەبەرچی ئەقڵ رێ بەمە دەدات و بەبێ گرفت رەت دەبێ؟

دواجار با شتێک لە بارەی خەونێکم باس بکەم، ئەو خەونەی ئەمشەوە بینیم، خەونەکەی شەوی سێی تشرینی دووەم، ئەو خەڵکە گاڵتەم پێدەکەن و وادەزانن خەونێکەو هیچیکە نییە، بەڵام با خەونیش بێت یا شتی کە، گرنگ هەقیقەتی بۆ خستمە روو، جا لەبەرئەوەی من بە هەقیقەتە رەهاکەم زانی و درکم بەوەکرد کە بەتەنیا ئەمە هەقیقەتەکەیە ئیتر سوودی چییە ئەمە خەون بێ یا بێداریی، با واشی دابنێین خەونە چ لە رەوشەکە دەگۆڕێ، هیچشی نەمابوو ئەو ژیانەی شاتان پێیەتی بە گولەی دەمانچە

کۆتایی پێبێنم، هەرچی خەونەکەیشە، خەونەکەی من، ئەوە ژیانێکی نوێی بۆ هێنام، قەشەنگ، کۆتایی نایە!.

گوێ بگرن:

نووستم، هەروەک وتم بەبێ هۆشیاریی-نائاگا، وەلی من هێشتا لە هزروهۆشما ئەقڵم بۆ ئەو شتانە دەچێ، خۆم بینییەوە دەمانچە بەدەست رووە و دڵم نەک سەرم، پێشتر دەمویست رووی لە لای چەپی نیوچەوانم بکەم، ئیتر بەو جۆرە دەمانچەکەم لەسەر سنگم راگرت، چرکەیەک دوو چرکە، ئیتر هەرچی هەبوو لەبەردەمما دەلەرزی و لار دەبۆوە، مۆمەکە، مێزەکە، دیوارەکە، بەپەلەش پلم بە پەلاپیتکەکەوە نا.

جاروبار لە خەونا لە شوێنێکی بەرز هەڵدەدێرێی یا یەکێک بەر چەقۆت دەدات یا لێت دەدات، بەڵام تۆ زۆرجار هەست بە ئازار ناکەیت تەنیا ئەگەر هاتوو شتێک لەسەر جێگەو نوێنا تۆی پێکا.

ئەوسا لە تاو ئازارا رادەبی، هەر ئەمەش بوو لە خەونەکەما روویدا، لەگەڵ تەقەکردنەکەدا هەستم بە ئازار نەکرد، بەڵام هەستم کرد سەرتاپام بلەرزەی لێداوە، ئینجا هەموو شتێک هێور بوویەوە و تاریکستانێک قووتی دام، وەلی نابینا، لاڵ، وا ئێستاش لەسەر شتێک مەیلە و رەق لنگەوقووچ راکشاوم.

هیچ نابینم، ناتوانم بجوولێمەوە، خەڵکەکەی دەوروبەریشم هاوار دەکەن، کاپتنیش دەینەڕاند، خاوەن ماڵیش شین و ڕۆرۆی بوو، ئینجا بێدەنگی باڵی کێشا، ئا ئەوەتا لە کۆتەلێکی پتەوا هەڵیانگرتووم، هەستم دەکرد بەملاوئەولا دادێت، لەوە رادەمام، بۆ یەکەم جاریش بوو ئەو بیرۆکەیە تۆقاندمی، من مردووم، بە راستی مردووم.

گومانم لەوە دا نییە...

ناجوولێمەوە، هیچ شتێک نابینم، وەلی هەست دەکەم و بیر دەکەمەوە، جا هەر زوو بە زوو رەوشەکە هەڵگەڕاوە، بە گوێرەی خودی یاسای خەون بە سینگێکی فراوانەوە، ئا ئەوەتا وا دەمنێژن، ئینجا دەڕۆن، بەتاقی تەنیا دەمێنمەوە، بەبێ جووڵە.

ئەگەر هاتبایە پێشتر خەیاڵم کردبا وخۆم لە گۆڕا نابا وا دەهاتە پێش چاوم کە پەیوەستییەک هەیە لە نێوان گۆڕ و هەستکردن بە تەنیایی و هەستکردن بە سەرما، جا لەبەر ئەوە من ئێستا هەست بە سەرما دەکەم بەتایبەتی لە سەرە پەنجەکانم، هەر هێندە و چیتر.

من لەسەر پشت راکشابووم سەیرەکەش لەوەدابوو چاوم لە هیچ نەبوو، ئیمانداریش بووم، بەبێ گومانیش دەبێ مردوو چاوی لەسەر هیچ نەبێ، چاودێری هیچ نەکات، نازانم چەندی پێچوو، سعاتێک یا دووسێ رۆژ یا چەند رۆژێک،

چوون دڵۆپە ئاوێک، زل لە ناکاو لە دیوی ناوەوەی سەری تابووتەکەوە داکەوتە سەر چاوی نووقاوی چەپەم، پاش خوولەکێکیش دڵۆپێکی تر ئیتر بەو جۆرە تنۆک تنۆک دەکەوتن ئەمەش هێندەی تر دڵی دەگوشیم و دەیئێشاندم، ئینجا هەستم بە ئازارێکی جەستەیی تیایا کرد:

"بیرم بۆ ئەوە چوو، کە ئەم برینە شوێنی گولەیە" بەردەوامیش هەر خولەکێک تکەی دەکرد و یەکسەر بۆ سەر چاوە نووقاوەکەم.

ئیتر لەناکاوا بە هەموو هەستمەوە قیژاندم، وەلی دەنگ نەبوو، وشکەڵاتوو بەبێ جووڵە، ئیتر بەدەم هاوارکردنەوە بانگی ئەوەم دەکرد کە جڵەوی منی بەدەستە.

شوناسەکەت هەرچییەک بێ ئەگەر هەیت و هەرچی وا روودەدات، رووبدات، گەرچی وەک ئامرازێکی تۆڵەسەندنەوە لە من بە هۆی ئەو خۆکوشتنە نەفامانەیە، ئیتر روودانی ئەمە پیرۆز مەکە، لای من تەنیا گاڵتەجارییە، ئەو ئەشکەنجەیەی ئێستام هەرچەندە بە سۆتر بێ ناگاتە ئەو شعوورەی رقهەڵگرتنم ئەگەر بۆ ملیۆنەها ساڵی تریش بێ.

بە دەم ئەو قسەیە بەئاگا هاتم، ئینجا بێدەنگ بووم، خوولەکێک بێدەنگی و دڵۆپێکی تر کەوت، وەلی من یەقین بووم لەوەی هاکە بارەکە گۆڕا، وا گۆڕەکەش لە ناکاوا کرایەوە یا هەر وابووە یا سەرەکەی شێ بۆتەوە، وەلی من

هەستم کرد بوونەوەرێک پەنهان، نادیار گرتمی و بردمییە ئاسمان، ئینجا لە پڕێکدا بینایی بۆ گەڕاندمەوە، بەڵام تاریکاییەکە ئەنگوستەچاو بوو چوون پێشتر ئاوا نەمبینیبوو.

بەدوای ئەو بوونەوەرە نەچووم کە گرتمی و هەر کڕوکپ کبریای خۆم لەدەست نەدا، هەست بە ترس ناکەم، بەمەش شادمان بووم، نازانم چەند هەڵفڕین و ناشتوانم مەزەندە بکەم، هەرچی روویدا وەک خەون بوو چوون بەدوای شوێن و کات دا دەڕوات و هەرچی بەدیهیاتی ئەقڵ و دنیا هەیە کونبەدەری دەکات و چ شتێکی ئاواش بەتەنیا هزر ناکات.

بیرمە من لەو تاریکستانەدا سەرنجی ئەستێرەیەکم دا و بە ناچاری لێکم دایەوە:

"ئایا ئەمە ئەستێرەی سیرۆسە؟"

حەزم نەدەکرد پرسیار لەوەی هەڵیگرتووم، بکەم، وەڵامی دامەوە:

"نەخێر، بەڵکە خودی ئەو ئەستێرەیە کاتێ گەڕایتەوە بۆماڵەوە لە نێو پەڵە هەورەکانەوە بینیت"

من دەمزانی ئەو بوونەوەرە لە شێوەی ئادەمیزادە و سەیرەکەش لەوەدایە من ئەو بوونەوەرەم خۆش نەویست، بەڵکە زۆرم رک لێبۆوە، من تامەزرۆی –عەدەم-ێکی رەها بووم لەبەرئەوەش گولەیەکم نا بە دڵمەوە، تا خۆم لە نێو

دەستەکانی ئەو بوونەوەرە ببینمەوە، کە هەڵبەتە مرۆیی نییە، وەلی"هەیە".

بەپەلە لە چاوتروکانێک، سەیر وەک خەون، بیرم کردەوە:

"کەواتە لەو دیوی گۆڕەکە ژیانێکی تر هەیە!"

بەڵام ئەوەی تایبەت بوو بە من لە ناخی خۆمدا شاراوەیە"کەواتە دەبوایە سەرلەنوێ هەبم- بیرم کردەوە-لە ویستی کەسێک ئەوە من بەزیو و زەلیل نیم".

بە هاوڕێکەم وت" تۆ متمانەت هەیە کە من بانگم کردی، داوام لێکردی، لەبەرئەوە من بە کەم تێدەگەی"وام وت بەبێ ئەوەی بتوانم ئەو پرسیارە دڵشکێنە نەکەم، کە تارادەیەک دانپیانانە و لە ناخی دڵما مەلە دەکات وەک دەرزییەکی ترسنۆکیی پیا چەقیبێت وابوو.

وەڵامی پرسیارەکەی نەدامەوە، وەلی من لە هێکڕا هەستم کرد من بە کەم نازانێ و گاڵتە بەوەی دەیکەم ناکات وهاوزەمان بەزەییشی پێم دانایێ، هەروەها ئەو رێچکەیەمان ئامانجێکی مەبەستە، نهێنی، شاراوە تەنیا من دەگرێتەوە، دڵم تۆقی و بێدەنگی هاوەڵەکەم قووڵ، ئازاربەخش کونبەدەری کردم.

ڤاڵایی تاریکوتنۆکی ئاوامان بڕی چاو تەی نەدەکرد، دواجار ئەستێرە باوەکان، من دەشمزانی لە هەناوی ئەو

فەزایەدا گەلە ئەستێرە هەن پاش هەزاران و ملیۆنەها ساڵ ئینجا رووناکییان بە ئێمە دەگات، رەنگە ئەو فەزایانەمان بڕیبێ.

لەو ساتەوەختەی وەحشەتگەریی دڵی ناسۆری تۆقیودا چاوم لە شتێکە، ئیتر لە ناکاودا لەو دۆخەدا هەستونەستێکی باو کیانم دەخاتە لەرزە و ئێخەی رابردووم دەگرێ:

لە ناکاو خۆرم بینی! زانیم مەحاڵە ئەمە خۆری ئێمە بێت، ئەو خۆرەی زەوی ئێمەی خستەوە، یەقینیش بووم لەوەی بێشومار لە خۆرەکەی ئێمە جیامان دەکاتەوە، وەلی من بە تەواوەتی هەستم کرد کۆپی خۆرەکەی ئێمەیە، هاوشێوەیەتی.

هەستونەستێکی زۆر خۆش و قەشەنگ باڵی بەسەر رۆحم کێشا و ئەو هێزە خوڵقێنەرە رۆشنەی منی بۆ دڵم خستەوە، گەڕایەوە و سەرلەنوێ گیانی تیا بووژاندەوە، هەستم کرد بۆ یەکەم جار پاش ئەوەی خستمیانە گۆڕەوە خوێنی ژیان بە دەمارەکانما دەسووڕێتەوە.

هاوارم لێکرد:

بەڵام ئەگەر ئەوە ئەو خۆرە بێ، ئەگەر بێتوو خۆرێک بێ هەر وەک خۆرەکەی ئێمە ئەی زەوی کوا؟

هاوڕێکەم ئاماژەی بە ئەستێرەیەک کرد لە تاریکاییا دەدرەوشایەوە وەک ڕەنگی سەوزی (زمرووت)[*]ی هاوزەمان مەبەستی ئێمەش هەر ئەو ئەستێرەیە بوو.

من بە دەنگی بەرز وتم:

- ئایا دەشێ لە گەردوونا ئەم جۆرە دووپاتکردنەوەیە ڕووبدات؟ ئایا ئەمە یاسای سروشتە؟ ئەگەر ئەمەش زەوی بێ داخوا گەر وەک زەویەکەی ئێمە وایە بەدبەخت، هەژار و هەروەک ئەو تاهەتایە گرانبەها و ئازیزە، هەروەها دەتوانێ خۆشەویستی ڕۆڵەکانی جۆش بدات، تەنانەت ئەوانەیش کە نکوڵی لێدەکەن؟.

هاوزەمان بە هۆی خۆشەویستییەکی ستەمبار و توندی ئەو زەوییەی لەسەری لەدایک بووم و بەجێم هێشت، هەڵدەلەرزیم، هەمانکات خەیاڵی ئەو کیژۆڵە بەستەزمانەی فەرامۆشم کرد هێشتا لە بەر چاوما بوو.

یاوەرەکەم بە دەنگێکی خەمگینییەوە وتی:هەموو شتێک دەبینی.

بەڵام ئێمە بە خێرایی لە هەسارەکە نزیک دەبووینەوە، بەبەر چاوما قەبارەکەی گەورەتر دەبوو، ئینجا ئۆقیانووس و سنووری ئۆروپاشم بەرچاو کەوت، ئێرەییەکی سەیروپیرۆز لە دڵما هەڵایسا"داخوا چۆن دەکرێ ئەو دووپاتکارییە

---

(*) زمرووت: جۆرە بەردێکی سەوزکاری ڕوونی جوانی بەنرخە.

رووبدات و بە چ مەبەستێک، من....خۆشم دەویٚ، من دەتوانم ئەو زەوییەم خۆش بویٚ، کە لە دوای خۆم بەجێم هێشت، ئەو زەوییەی خوێنمی بەسەردا پژاوە، کاتێک گولەیەکم بە دڵمەوە نا و نکوڵیم لە هەموو شتێک کرد و ژیانم کۆتایی پێهێنا، بەڵام من هەرگیز لەو خۆشەویستییە سارد نەبوومەوە و نەسرەوتم، تەنانەت لەو شەوەی لێی دابڕام لە هەموو کاتێک زیاتر زۆر ئازاربەخشانە هەستم بە خۆشەویستییەکەی کرد، ئاخۆ لەسەر ئەو زەوییە نوێیە چ ئازاریٚ هەیە؟ لەسەر زەوییەکەمان تەنیا لەگەڵ ئێش و ئازارا ئەوینداریی دەکەین، تەنیا لەمەیانی ئەوانەدا، ئەگینا ئێمە ناتوانین ئەوینداری بکەین، تەنانەت بە ئەوینێکی تریش نازانین، جا لەبەرئەوەیە من ئازارم مەبەستە تا بتوانم ئەوینداریی بکەم، لەو ساتەدا چەندە تینووی ئەوەم زەوی ماچ بکەم و بە فرمێسکەکانم بیشۆمەوە، ئەو زەوییەی بە جێم هێشت و ناشمەویٚ، بەڵکە لەویٚ نەبیٚ ناتوانم بژیم!"

بەڵام یاوەرەکەم بە تەنیا جێی هێشتم، منیش لەپڕێکا – وەک بێئاگایەک-بینیم لەسەر زەوییەکی تر وەستاوم و نقوومی تیشکی روون و بێگەردی خۆر، لە رۆژێکی لێوانلێو قەشەنگ، پێم وابوو لەسەر خاکی دوورگەیەک وەستابووم لەو دوورگانەی بە ناوی ئەرخەبیلی گریکن یا لەسەر کەناری

ئەو زەوییەی بەسەر ئەرخەبیل دەیڕوانی، هەموو شتێک بەوانەی لەسەر زەوی بونیادمان نابوو، دەچن.

وادەهاتە بەر دیدەم شادییەک لە ئانوساتی خۆیدا لە هەموو شوێنێک تیشک دەدات بە جۆرێک تا دەگاتە سەرمەستیی و قەشەنگیی، هەروەها دەریای دڵگری(زمرڕووتی)بە ئەوینێکی بێگەردی دیارەوە دەستگەمە لەگەڵ کەناراوەکە دەکات.

کۆمەڵە دارێک قەشەنگی بەژن زراڤ و هەڵچوو چڕوپڕ وادەهاتە بەر چاوم بە جۆشوخرۆش، بە نەرمە خشەخشی کپ سڵاوم لێدەکەن و بە پەیڤی ئەوینا دەمدوێنن، مێرگەکەش بە گوڵوگوڵزارە بۆنداورەونەقدارەکانی دەدرەوشایەوە، چۆلەکە و پاسارییەکانیش پۆل پۆل ئارام و ئاسوودە بەرەو من هەڵدەفڕین و بەسەر شان و دەستەکانما بەدەم جریوەجریو و شەققەی باڵەکانیانا هەڵدەنیشتن.

دواشت ئادەمیزادی ئەو زەوییەم بینی و ناسی، ئاخر خۆیان هاتن و دەورەیان دام و ماچیان کردم.

کوڕانی خۆر، کوڕانی خۆرەکەیان-چەندە مەزن و دەگمەنن! لە ژیانمدا جوانی ئاوام لەسەر زەویەکەمان نەبینیوە، داخوا دەتوانی وێنەیەک ئەگەر کاڵیش بێ لەو جوانیەی ئەو منداڵانە لای منداڵانی تازە لەدایکبوو بدۆزیەوە!

چاوەکانی ئەو ئادەمیزادە بەختەوەرانە نور و رووناکیان دەبەخشی.

لە روخساریانا حیکمەت و هۆشیاری تیشک دەدات، تا ئەوپەڕی ئارامیی و شکۆیی، لە دەنگ و پەیڤەکانیاندا نەوای بەختەوەرییەکی منداڵانە دێ، من لە یەکەم نیگاوە لە هەموو شتێک گەیشتم، ئەوە زەوییە پێش ئەوەی لەکەدار بکرێ و خەڵکانێکیش بە بەرائەتەوە لەسەری دەژین ، لە بەهەشت دەژین، کە دەماودەم وا هاتووە بابوباپیرانمان پێش ئەوەی گوناە بکەن تیایا ژیاون، هێندە نەبێ ئەو زەویەی ئێرە بە هەموو دیوێکی بەهەشتە، ئەو خەڵکەش لە دەوروبەرم بە دڵشادییەوە پێدەکەنن و لیم نزیک دەبنەوە و سوعبەتم لەگەڵ دەکەن، ئینجا منیان بردەماڵەکانیان، جا هەریەکێکیان دەیویست دڵم خۆش بکات و یاوەریم بکات و هیچ پرسیارێکیشیان لێ نەدەکردم، من وام مەزندە دەکرد وەکو بڵێی بە هەموو شتێک دەزانن، خەمی گەورەیان رەواندنەوەی ئێش و ئازاری سەر روخسارم بوو.

وا ئێوە دیسانەکە دەبینن، گەرچی ئەوەی بینیم تەنیا خەون بوو، وەلی هەستکردنم بە خۆشەویستی ئەو خەڵکە باشە سەرسووڕهێنەرە تاهەتایە لە دڵما رەگی داکوتا، هێشتاش هەست بە ترپەی خۆشەویستیان دەکەم وەک شنەی با لە دوورەوەڕا لەو شوێنەی لێینە، دێ.

من به چاوی خۆم بینیم و به ورد و درشتیانم زانی و پاشانیش ئازارم بۆیان چەشت، ئاه..ئەوکات زانیم کە من وەک پێویستە تێیان ناگەم، پێم وابوو، منێکی رووسیایی پێشکەوتنخوازی هاوچەرخ و پەترسبۆرگێکی بەد و ناحەز، پێم وابوو وەک گرێکۆڵەیەک ئەوان هەرچەندە زانیاری زۆریان لایە، بەڵام بەو زانستانەی ئێمە نابەڵەدن، ئینجا زۆر زوو سەرنجم دا زانیارییەکەی ئەوان پێرفێکتە و لێوانلێوە لە مەعریفە و ئەودیوی شتە پەنهان و شاراوەکان کە لە نزیکەوە یا دوور پەیوەندی بەوەی ئێمە لەسەر زەوی هەمانە، نییە.

خواست و ویستی ئەوان لەگەڵ هی ئێمە جیایە، ئەوان بێخەم هیچ شتێک مژووڵیان ناکات، وەک ئێمە هەوڵ نادەن بۆ تێگەیشتن لە ژیان، چوون ژیانیان بێ کەموکوڕییە، بەو زانیاری و مەعریفەیە دەوڵەمەندن کە هەیانەو لە زانستی ئێمەش شکۆدارتر و قووڵترە.

ئەو زانستەی ئێمە بۆ تێگەیشتنە لە ژیان و لێکدانەوەیەتی بۆ ڕێنوێنیکردنی ئەوانی تر، کەچی ئەوان بەبێ زانست گەیشتوونەتە نهێنی ژیان، ئەوەشم بە چاوی خۆم دی، وەلی من نەمتوانی لەو دوا تخوبەی زانیارییەکانیان بگەم.

دارودرەختەکانیان نیشان دام، بەڵام من نەمتوانی لە ڕادەی ئەو خۆشەویستییە مەزنەیان تێبگەم بۆ ئەو دارودرەختانە: وەک چۆن لەگەڵ یەک دەدوێن ئاوهاش لەگەڵ دارەکان دەدوان، هەڵە نیم و زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم ئەوان بە زمانی دارەکانیان دەزانی و پێی دەدوان، بەڵێ زمانی داروردرەختیان دۆزیەوە و داروردرەختەکانیش لە قسەی ئەوان تێ دەگەیشتن.

بەو شێوەیە سەیری سروشتیان دەکرد، ئەو گیانلەبەرانەی بەبێ ترس لەگەڵیانا ژیاون، هیچ لایەک پەلاماری ئەویتری نەداوە، بەڵکە یەکتریان خۆشویستووە و بەو خۆشەویستییەش گیان لەبەرەکان کێومالّ کراون.

ئەستێرەکانیان نیشان دام، باسیان دەکرد کەچی من تێنەدەگەیشتم، وەلی دڵنیابووم لەوەی ئەوان تەماسێکی زیندەگیان لەگەڵ ئەو ئەستێرانەی ئاسمان هەبوو، بەڵکە نەک هەر تەماسێک یا هاوبەندییەکی فکریی.

ئاە...خەڵکەکە مەبەستیان نەبوو و هەوڵیشیان نەدەدا من تێیان بگەم، ئیتر ئاوا خۆشیان ویستم، لە لایەکی دیکەوە درکم بەوە کرد جاروبار ئەوانیش ناتوانن تێم بگەن، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ من باسی زەوی خۆمانم بۆ نەکردبن، بەڵام من ئەو زەوییەم قبووڵ کرد کە ئەوان لەسەری وەستاون، هەروەها بەبێ هیچ وشەیەکیش هەستم بە ڕێزوخۆشەویستی

بۆیان دەکرد، ئەوانیش هەستیان بەمە دەکرد بۆیە بەبێ ئەوەی دوودڵ بم وایان کرد خۆشم بوێن، لەبەرئەوەی ئەوان خودی خۆیان لێوانلێو بوون لە خۆشەویستی.

کاتێک جاروبار پێیەکانیانم ماچ دەکرد و فرمێسک دەموچاوی دەششتمەوە ئەوکاتانە خەمیان لێم نەدەخوارد، وەلی من هەستم بە بەختەوەری کرد بە هۆی هەستکردنم بە ئەندازەی هێزی ئەو خۆشەویستییەی قەرەبووی هەموو ئەوانەم دەداتەوە، جاروبار بە سەرسڕمانەوە دەمپرسی: داخوا چۆن توانیان بەدرێژایی ئەو وەختە بەرامبەر یەکێکی وەکو من خراپ نەبن، هەروەها وام لێ نەکەن تەنانەت بۆ یەکجاریش هەست بە ئێرەیی یا حەسادەت نەکەم؟.

چەند جار لە خۆم دەپرسی، چۆن منێکی ئاوا خۆبەزلزانی درۆزن نەمتوانی باس لە زانین و زانیارییەکانم بکەم کە ئەوان هیچی لەبارەوە نازانن؟ چۆن هەستم بە حەز و ئارەزووی سرنجڕاکێشانیان نەکرد تەنانەت لە سۆنگەی ئەو خۆشەویستییەکی بەرامبەریان هەم بوو؟.

ئەوان وەک منداڵ دڵشاد و کەیفخۆش بوون، بە نێو مێرگ و باخ و دارستانەکانیان پیاسەیان دەکرد و گۆرانییە خۆشەکانیان دەچڕی و بەو نیعمەتەی بەروبوومی دارودرەختەکان و هەنگوینی دارستانەکان و شیری ئاژەڵە ئازیزەکانیان زیاتر هیچی دیکەیان نەدەویست و رازی بوون،

بۆیەش بایی هێندەیان هەبوو بۆ خواردن و پۆشتەکاریی و کەمیش کاریان دەکرد، بە ئەویندارییی دەژیان و منداڵیان دەخستەوە، وەلی من رۆژێک لە رۆژان حەماسەتی ئەو چێژ و لەزەتە"دڵڕەق"و کوشندەیەم لەلایان نەبینی، کە لای ئێمەو لەسەر زەویەکەمان هەیە و بە کانگەی هەموو خەتا و گوناهەکانی مرۆڤایەتی دادەنرێ.

کاتێک منداڵێکیان دەبوو وەک هاوبەشێکی نوێ لە جەژنە خۆشەکانیان، دڵخۆش دەبوون، حەسادەت و دژایەتیم لە ناویانا نەبینی، بگرە نەیاندەزانی مانای ئەو دوو وشەیە چییە، منداڵی یەکێکیان هی هەموویان بوو، بەمەش وەک یەک خێزان وابوون، زۆر کەم نەخۆش دەکەوتن، بێگومان مردنیش هەبوو، پیرەکانیان بە هێمنی دەمردن وەکو بڵێی لێو بەخەندە و موبارەکبارانە خەوتوون لە نێو کەسوکاریان کە دەورەیان لێدابوو ئەوانیش زەردەخەنەیان بەسەر لێوەوە بوو.

ماتەمینی یا فرمێسکم نەبینی، بەلکە ئەوینێک تا دەهات هەڵدەکشا تا پلەی ئەوپەڕی ئیشق و وەجدی رەسەن و تەواو، ئەمەش ئیتر وای لێ دەکردی بیر لەوە بکەیتەوە ئەوان پاش مردنیشیان پەیوەستییەکی راستەوخۆیان بە مردووەکانیانەوە هەیە، مەرگیش ناتوانێ ئەو یەکێتییە زەوینییەی لێکیان گرێدەدات ببڕێ یا قوتی بکات، وا بزانم کە

پرسیاری ژیانی ئەبەدیم لێ دەکردن تێم نەدەگەیشتن، بەڵام وا پێدەچوو ناهۆشیارانە بڕوایان پێ هەبێ بە ڕێگایەک تەنیا پرسیارکردنەکە بەس بێ.

پەرستگایان نەبوو، وەلی بەردەوام یەکگرتوو لەگەڵ "گەردوونی کوولیی- تەواو"ژیانیان بەسەر دەبرد، ئایینێکی دیاریکراویان نەبوو، بەڵام متمانەیەکی رەگداکوتاو بە جۆرێک کاتێک تا ئەوپەڕی تخوبی تەبیعەتی زەوینیی بە شادمانییە زەوینییەکەیان دەگەیشتن یا بەدەستیان دێنا ئەوە هەمووان-مردوو و زیندوو-ئەوپەڕی پلەکانی بەردەوامیی و یەکگرتن لەگەڵ"گەردوونیی کوللیی"بەدەست دێنا، بە هێمنی و شادییەوە چاوەڕوانی ئەو ساتەیان دەکرد، بەبێ ئازاری چاوەڕوانکردن هەروەکو بڵێی ئەوان لە دڵەوە پێشبینی ئەو ساتەوەختەیان کردبێ و لە نێو خۆیاندا ئەم و ئەوی کردبێ.

پێش خەوتن حەزیان دەکرد بەدەم شەیپوری گەلەکۆیی ڕێکوپێک گۆرانی بڵێن گوزارش لە هەستونەستیان بکات، ئەو هەستونەستەی بە رۆژ لە ناخودەروونیان کەڵەکە بووە بەمەش ماڵئاوایی لێدەکەن و پیرۆزی دەکەن، سروشت و زەوی و دەریا و دارستانەکان پیرۆز دەکەن، حەزیان دەکرد گۆرانی بۆ یەکدی بهۆننەوە، یەکێک بەسەر هاوڕێکەی هەڵدەلێ و وەک منداڵ پەسنی دەکات، ئەمە گۆرانی سادە بوون، بەڵام کاریگەر لەبەرئەوەی لە دڵانەوە هەڵقووڵاوە، جا

بەتەنیا بە گۆرانی دڵی یەکتریان خۆش نەدەکرد، بەڵکە بە هەموو دیوەکانی ژیان، ژیانی ئەوان بریتی بوو لە خۆشویستنی یەکتری.

من بە تەواوەتی لەو گۆرانییانە تێنەدەگەیشتم کە لەسەر چێژ و نەشئە و سەرکەوتن بوو، هەرچەندە لە واتاکانی وشەکان دەگەیشتم، بەڵام نەمدەتوانی لە واتاو مانا هەمەکییەکانیان قووڵ ببمەوە، لە رووی ئەقڵەوە دەستەووەستان بووم، وەلی دڵم توانی بچێتە قووڵایی ئەو واتایانە و چێژیان لێوەربگرێت.

پێم وتن من دەمێکە پێشبینی هەموو ئەو شتانەم کردبوو، ئەو شادومانیی و خۆشبەختیەش لە سەر زەویەکەی ئێمەدا بە شێوەی سۆزوخۆشەویستییەکی سنووربڕ بوو، جاروبار دەگاتە پلەی ئازارێکی ئەوتۆ بەرگەی نەگیرێ منیش پێشتر لە خەونەکانی منداڵیما و خۆزگەو هیواکانی ئەقڵم وێنای ئەوانەم کردبوو، وێنای شکۆییانم کردبوو، هێشتاکەش دەتوانم لەسەر زەوی تا چاوەکانم پڕ دەبن لە فرمێسک، سەیری خۆر ئاوابوون بکەم... هەروەها رک و بوغز و کینەم بۆ خەڵکی سەر زەوی هەمیشە ئامێتەی ئێش و ئازار بووە: لەبەرچی نەمدەتوانی خۆشم بوێن یا رکم لێیان ببێتەوە؟لەبەرچی نەمتوانی گەردەنیان ئازاد بکەم و لێیان

ببورم؟لەبەرچی خۆشەویستیم بۆیان تێکەڵی ئازار دەبێ؟ئەی بۆ ناتوانم خۆشم بوێن یا رکم لێیان ببێتەوە؟.

ئەوکاتەی گوێیان لێدەگرتم دەمبینی ناتوانن کە ئەوەی دەیڵێم هزر بکەن، وەلی لەوەی پێم وتن پەشیمان نیم و زانیشم ئەوان لەو هێزەی سۆزوئەوینی من بۆ ئەوانەی لێیان دابڕام، تێدەگەن.

بەڵێ، کاتێک بە موحیبەتێکی میهرئاساوە سەیریان دەکردم، هەستم دەکرد دڵم لە ئاستیانا بێگوناە و راستگۆیە وەک دڵی ئەوان ، ئەوسا من پەشیمان نەبووم لەوەی تێیان نەدەگەیشتم و لە نێو ئەو هەمێزەی ئەوان تژی لە هەستونەستی ژیان، هەناسەسوار دەبووم و بە بێدەنگی دەستم بە نوێژ دەکرد بۆیان.

{...} داخوا دەزانن، نهێنییەکتان بۆ دەدرکێنم: رەنگە ئەوەی پێشتر هیچی خەون نەبووبێ! چونکە ئەوەی روویدا بە دیوە راستەقینەکەی تۆقێنەر و کارەسات بوو بە جۆرێک ناشێ لە خەونا ببینرێ.

با واشی دابنێین خەونەکەم زادەی دڵم بوو، داخوا دڵم بەتەنیا دەتوانێ ئەو هەقیقەتە لەرادەبەدەرە بەرهەم بێنێ، کە پاشان بەدیهات؟ ئاخۆ چۆن من بە تەنیا توانیم گشت ئەمانە بخەمە بەر خەیاڵا یا لە دڵما خەونی پێوە ببینم؟ ئایا ئەو دڵە چکۆڵەم و ئەو ئەقڵە بەردینە ناجێگیرە بۆ ئەو دەتوانن

شکۆدارانە بگەن بەو دادوەرییەی مەعریفەی راستەقینە؟ خۆتان حوکم بدەن: من تا ئەو ساتەش زۆرم لێ شاردوونەتەوە، وەلی ئێستا من راستییەکەتان پێدەڵێم.

بە کورتی و کورمانجی من....هەموانم –فاسید- کرد!

بەڵێ، بەڵێ، دواجار هەموویانم فاسید کرد ئەمە چۆن روویدا-نازانم!.

بەتەواوەتی بیرم نایەتەوە، خەونەکە بۆ هەزارانساڵ هەڵفڕی و تەنیاوتەنیاش هەستونەستێکی تەواویشی لای من جێهێشت، ئەوەی دەیزانم خودی خۆم هۆکاری یەکەمین گوناهە، چەشنی کرمی بەراز و وەک زەرەیەک تاعون دەکرێ یەک وڵاتی تەواو بگرێتەوە، منیش بە بوونم زەوییەکی ئاسوودەم دەردەدار کرد بەبێ ئەوەی گوناهی تیا بێ.

فێرە درۆ بوون و خۆشیان ویست و دیوە جوانەکانیان تیا ناس کرد، رەنگە سەرەتا(بێ مەبەست)هەر بۆ گاڵتە بووبێ یا خۆشی و قۆشمەچێتیی و گەمەکردن، لە راستیشدا سەرەتا گەردیلە بوو، وەلی ئەو گەردیلەی درۆیە رۆچووە نێو دڵیان و بەدڵیان بوو، پاشان لەچاوتروکانێکدا لەززەت و چێژ چەکەرەی کرد.

لە لەزەتیش ئێرەیی هاتە بەرهەم، ئێرەیش دڕندەیی و دڵڕەقیی خستەوە...ئاە، نازانم، بیرم نایە، وەلی پاش کەمێک یەکەمین دڵۆپە خوێن رژا: سەرسام بوون و ترسان و پەرت

بوون و لەیەکتر دوور کەوتنەوە، ئینجا هاوپەیمانێتیی هاتە ئاراوە، بەڵام دژ بە یەکتری بەمەش گلەیی و قسەوقسەلۆک دەستی پێکرد و شەرمیان ناسی، کە پاشان بوو بە فەزیلەت و چەمکی شەرەف بەدەرکەوت و ئینجا بوون بە دوژمنی گیانداران دەستیان بە ئازاردانی گیانداران کرد بۆیە لە دەستیان رایانکرد بۆ دارستانەکان و ، ئینجا شەڕەکە دەستی پێکرد لە پێناوی"دابڕان"و"تاکەکەسیی" و"کەسایەتیی" لەپێناو: ئەمە بۆ تۆ و ئەمە بۆ من، ئینجا بە چەند زمانێک قسەیان دەکرد و خەمۆکیان ناسی و خۆشیان ویست.

تینووی ئێش و ئازار بوون، وتیان بەبێ ئازار و ئەشکەنجە ناگەیت بە هەقیقەت، بەمەش زانست لایان سەریهەڵدا، کاتێکیش روویان لە بەدکاریی و خراپەکاریی کرد، دەستیان بە گفتوگۆ کرد لەبارەی برایەتی و مرۆڤایەتی دواجاریش لەو بیروباوەڕانەش تێگەیشتن، کاتێکیش بوون بە تاوانکارو خەتابار دادپەروەریان داهێنا، یاسایان بۆ پاراستنی دارِژت و نووسیەوە، جا بۆ جێبەجێکردنی یاساکانیش (مەقسەلەیان)داچەقاند، ئیتر زۆر کەمیان لەوەی لەدەستیان داوە لە بیرمابوو، حاشایان لەوەش کرد بڕوا بکەن بەوەی رۆژێک لە رۆژان بێ گوناە و بەختەوەر بووبن، بەڵکە گاڵتەیان بەوە دەکرد بتوانرێ مۆدێلی بەختەوەرییە دێرینەکەیان بەدی بێت و ناویان نا خەون، نەشیان توانی لە

فۆرمی یا دەستەیەکی هەستپێکراو بەرجەستەی بکەن، شتە سەیرەکەش لەوەدا ئەوەیە: ئەوان هەرچەندە ئیمانیان بە بەختەوەرییە بەسەرچووەکەیان کاڵ ببۆوە و بە هەقایەت یا خورافە ناوزەدیان دەکرد، کەچی بە تینەوە تامەزرۆی گەڕاندنەوەی بەرائەت و بەختەوەریان بوون، بۆیە دووبارە لەبەردەم خۆزگە و ئومێدی دڵیان وەک منداڵ سوجدەیان برد، بۆیە ئەو خۆزگەوئاواتانەیان پیرۆز کرد و پەرستگایان بینا کرد و تیایا بۆ ئەو بیروباوەڕانە و ئەو(خۆزگانە) دەستیان بە نوێژکردن کرد، هەرچەندە دەشیانزانی کە بەدینایەت، بەڵام هاوزەمان لەگەڵ سڵەوات و کڕنووش بردنیشیان فرمێسکیان هەڵدەڕشت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بیانتوانایە بگەڕێنەوە بۆ حاڵەتی لە دەستچووی بەرائەت و بەختەوەریی و یەکێک بیتوانایە ئەو حاڵەتەیان بخاتە بەردەم و لێیانی پرسیبا: حەز دەکەن بۆی بگەڕێنەوە؟ زیاتر وەڵامەکە نەخێر بوو، دەشیان وت: با وابێ ئێمە درۆزنین، بەدکارین و دادوەرانە نین(بەوە دەزانین) و دەگرێین و بەهۆیەوە خۆمان ئازار دەدەین و خودی خۆمان سزا دەدەین بە جۆرێک زۆر توندتر لە لێپێچینەوەی ئەو خوداوەندەی، کە هێشتاکەش ناوی نازانین.

بەڵام هێشتا زانستمان هەیە، سەرلەنوێ بە هۆیەوە بەدوای هەقیقەت دەگەڕێین، بە هۆشیارییەوە وەریدەگرین

ئەمجارە مەعریفەت پێش هەستونەست، هۆشیاری بە ژیان لەپێش خودی ژیان دێت، زانست حیکمەتمان دەداتێ و حیکمەت یاساکانمان بۆ دەدۆزێتەوە و زانینی یاساکانی بەختەوەریش پێش بەختەوەریی دێت.

وایان وت، پاش ئەو وشانەش نەرگزیەتی هەر یەکێکیان پێش ئەوی تر کەوت، نەشیان دەتوانی ئاوا نەبێ هەڵسوکەوت بکەن، ئێرەیی هەر یەکێکیشیان هێندەی تر زیادی کرد و وای لێهات هەر یەکێکیان هەوڵ بدات کەسایەتییەکانی تر زەلیل بکات و بە کەمی لەقەڵەم بدات و پشتیشی بە خۆدی کەسێتیی خۆی دەبەست، ئیتر کۆیلایەتی سەریهەڵدا، بەڵکە کۆیلایەتییەکی خۆبەخشانەش: ئارەزوومەندانە بێهێزەکان ملکەچی بەهێزەکان بوون بۆئەوەی یارمەتیان بدەن تا ئەوانەی لە ئەوان لاوازترن لەناوبەرن.

پیاوچاکێک پەیدابوو لەو ئادەمیانەی چاو بەفرمێسک ئامۆژگاری دەکردن، باسی خۆبەزلزانیانی کرد، لە دەستدانی راستەڕێی و سازان، لە دەستدانی شەرم، گاڵتەیان پێکرد و جاروباریش بەردبارانیان دەکرد، بەمەش خوێنی پیرۆز بەسەر سەکۆکانی پەرستگاکان رژا، بەرابەر بەمەش کەسێک پەیدا بوو بیریان دەکردەوە: داخوا چۆن یەکێتی بۆ ناو خەڵک دەگێڕنەوە بە جۆرێک یەکێک، تاکێک لەو ئادەمیانە

خۆی زیاتر لەوانیتر خۆش بوێ، بەڵام لە رێگای ئەویتریش نەوەستێ، هەموان لە کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە بژین.

بە هۆی ئەو بیرۆکەیە شەڕگەلێ قەوما، هەموو جەنگاوەرەکانیش بڕوای بەهێزیان بەوە بوو زانست و حیکمەت و ئارەزووی مانەوە دواجار ئادەمیزاد ناچار دەکات لە کۆمەڵگەیەکی ئاقڵمەندانە و بنیاتنراو لەسەر رێککەوتن و پەیمان لەنگەر بگرێ، جا بۆ ئەو مەبەستە(حەکیمەکان)بەپەلە هەوڵیان دا هەموو(ناحەکیمەکان)لەناو ببەن، ئەوانەی لە بیروباوەڕەکانیان ناگەن، تاوەکو رێ لەو سەرکەوتنەکە نەگرن.

بەڵام حەز و ئارەزووی خود-مانەوە هەر زوو بەزوو کاڵ بوویەوە بەمەش خۆبەزلزانەکان، رژدبووان، حەماسەتخوازانی چێژونەشئەبەخشیی، ئەوانەی یا هەموو شتێکیان دەوێ یا هیچیان ناوێ و لەپێناو بەدەستهێنانی هەموو شتێک ملیان لە وەحشیگەرێتی نا گەریش بە ئامانجەکەیان نەگەیشتن ئەوە روو لە خۆکوشتن دەکەن!.

ئایینگەلێ سەریان هەڵدا بانگەشەی عەدەمیەت و تێکشکاندنی خودیان دەکرد لە پیناو ئاسوودەیی ئەبەدیی لە -نا وجود-دا .

دواجار ئەوانە لەو کارە بێهودەیە ماندوو بوون، نیشانەی دەردەسەریی بە روخساریانا دیار بوو، ئیتر دەنگیان

هەڵبڕی: ئازار و دەردەسەریی بریتین لە جوانی، لەبەرئەوەی ئەوە فکرە لە ئەشکەنجەدایە و ئیتر لەناو گۆرانییەکانیانا بە ئێش و ئازاریان هەڵدەگووت، من لەوێ دەگەڕام دەست شکاو، بۆیان دەگریام، ڕەنگە لە جاران زیاتر هەستم بە بە خۆشەویستی بۆیان کردبێ، ئەو دەمەی دەموچاویان ئێشوئازاری لێ نەدەتکا، بیگوناه و مەزن بوون.

زیتر لە جاران ئەو زەویەم خۆش ویست کە گلاویان کرد، ڕۆژێ لە ڕۆژان کە بەهەشت بوو، لەبەرئەوەی ژانوژوور بەسەر رووکاریانا دەبینرا، ئەفسوس من هەمیشە حەزم لە ئازار و ئەشکەنجە بوو بۆ خودی خۆم خۆشم ویستن، تەنیا بۆ خۆم، وەلی بۆ ئەوان گریام و لالامەوە و قەرزبارانە دەستەکانم بۆ درێژکردن و خۆم تا ئەوپەڕ بە نەفرەتبار و ناحەز بینیەوە.

پێم وتن هەموو ئەوانە دروستکراوی منن، بەتەنیا من، هەر منیش بووم گەندەڵیم بۆ بردن، پەتا و درۆ و لێشیان پاڕامەوە تا لە خاچم بدەن و فێریشم کردن چۆن خاچ دروست بکەن، ئەو هێزەم نەبوو بتوانم خۆم بکوژم، بەڵام ویستم هەموو ئێش و ئازارەکانیان لە کۆڵ نێم ئاخر من بۆ پەتا و ئەشکەنجە دەسووتام، خۆزگەیشم دەخواست تا دوا دڵۆپ خوێنم لەو ڕێگایە بڕژێ، بەڵام ئەوان گاڵتەیان بەو کارەی من هات دواجاریش پێیان وابوو شێت و وێت و

کاڵفامم، دانیشیان پیانا گوایە ئەوان تەنیا ئەوەی بۆ خۆیان مەبەستیان بوو بەدەستیان هێنا، ئێستاش هەرچی هەیە هەر دەبوایە هەبوایە، دواجاریش بڕیاریان دا گوایە من جێگەی مەترسیم بۆ ئەوان، ئەگەر بێتوو بێدەنگ نەبم دەمنێرنە شێتخانە، ئەوکاتە خەم هەناوی داخورانم، بەمەش هەستم کرد وا دڵم دەگوشرێ و دەمرم و...ئەوکاتە لەو ساتەوەختەدا وەئاگاهاتم.

بەرەبەیان بوو، هێشتا رووناکی بەتەواوی باڵی نەکێشابوو، منیش وا لەسەر هەمان کورسی دانیشتووم، مۆمەکەش بەتەواوەتی سووتاوە و دوا هەناسەی لێ بڕاوە، لە ژوورەکەی کاپتنیش جیا لە رۆژانی تر گشتیان خەوتوو، کڕوکپ.

یەکەمین شت هەڵبەزیمەوە وسەرسامییەکی سەیر ئێخەی گرتم، یەکەمجارە ئەمەم لێ روودات تەنانەت سەبارەت بە شتە ناگرنگەکانیش: بۆ نموونە بە دانیشتنەوە لەسەر کورسیەکە خەوم لێ کەوتووە، کاتێکیش قیت بوومەوە و هۆشم هاتەوە سەر سرنجم دا وا دەمانچەکەم سوارە و ئامادەیە-بە پەلە لامدا...ئاە...ئێستاکە ژیان...ژیان! دەستی پاڕانەوەم درێژ کرد بۆ هەقیقەتی ئەبەدیی، بەلکە بە دەم ناڵە و گریانێکی لەرادەبەدەر، سەرتاپای هەبوونمی هەڵکشاند، بەڵێ لەسەرمە بژیم و-مژدە بەرم!.

ئاه سەبارەت بە موژدەبەخشیی لە هەمان ساتەوەختدا یەکلام کردەوە، بێ گومان تا کۆتایی ژیانم!.
هەنگاو دەنێم موژدەبەر و دەمەوێ موژدە بدەم!بەڵام هی چی هی"هەقیقەت!" بینیم، بە چاوەکانم بینیم، هەموو شکۆییەکەییم بینی!.
ئیتر بەو جۆرە و لەوساوە مزگێنی و موژدەبەخشم! دەبینی ئەوانەم زۆر زیاتر خۆش دەوێ کە گاڵتەم پێدەکەن لەوانەی تر، لێ لە بەرچی –نازانم و بۆشم لێک نادرێتەوە، بەڵام با وابێ زەرەری نییە! ئێستا دەڵێن من رێگام ون کردووە، جا مادام وام کردووە دەگەمە کوێ؟ئەمەش هەقیقەتێکە گومان هەڵناگرێ:ونم کردووە و لە داهاتووشدا کارەکە خراپتر دەبێ و بێگوومان منیش چەند جارە ون دەبم بەر لەوەی بێمە سەر رێگای راستودروست، دەزانم چۆن دەبێ مزگێنی بدەم و بە چ وشەگەلێک و کردەوەگەلێک، لەبەرئەوەی ئەو کارە زۆر ئەستەم و قورسە، منیش بەوە دەزانم و لە ئێستاوە دەیبینم وەک ئەو رۆژە روونە، بەڵام گوێ بگرن: کێ لە ئێمە رێگا ون ناکات! لەگەڵ ئەوەشدا هەمووومان بۆ یەک مەبەست و ئامانج رێ دەبڕین یا با بڵێین هەموان بۆ یەک کۆتایی هەوڵ دەدەن، هەر لە حەکیمەوە تا دوا تاوانبار، ئەگەر چی رێگاکانیش جیا بن، رەنگە ئەمە هەقیقەتێکی کۆن بێ، بەڵام ئەمەش نوێیەکە: من ئەگەر

فریویش درابم- ئەوە بۆ کاتێکی کەم بووە، چونکە من هەقیقەتم بینی، بینیم و زانیم مرۆگەل دەکرێ قەشەنگ و بەختەوەر بن بەبێ ئەوەی لە ژیانی سەر گۆی زەوی کۆڵ بدەن.

من نامەوێ و ناتوانم بڕوا بەوە بهێنم خراپەکاریی- شەڕڕ-حاڵەتێکی سروشتی ئادەمیزاد بێ، لێ هەر هەموویان لەبەرئەوە گاڵتەم پێدەکەن، بەڵام چۆن بتوانم بڕوا بەمە نەکەم: هەقیقەتم بینی-شتەکەم بە هزروهۆشا نەخولْقاندووە، بینیم، بینیم، گیانیشم تاهەتایە پڕ بوو"بە نموونە زیندووەکەی"بینیم ڕەهایانە بەدەرکەوت، بڕواشم نەدەکرد لای مرۆگەل بەدینەیەت، ئیتر بەوجۆرە، ئاخۆ چۆن ون نەبم؟ گومڕا نەبم، هەڵبەتە ئەمە زیاتر لە جارێک ڕوودەدات و منیش قسەی سەیر دەکەم، وەلی بۆ کاتێکی کەم: ئەو نموونە زیندووەی بینیم هەمیشە لەگەڵم دەبێت، ڕاستەڕێم دەکات و ڕێنوێنیم دەکات، وا من بوێرم و لەتافی گەنجیم و هەنگاو دەنێم و دەڕۆم ئەگەر بۆ هەزار ساڵیش بێت، ئایا دەزانن سەرەتا دەمویست تەنانەت هەواڵی فەسادکردنی هەموان بشارمەوە و ئەمەش هەڵە بوو- یەکەمین هەڵەی من!.

بەڵام"هەقیقەت"هەر زوو بە گوێی چرپاندم: من"درۆ دەکەم" بەمەش منی پاراست و هیدایەتی دام، داخوا چۆن دەتوانین بەهەشت بونیات بنێین-نازانم، چونکە من ناتوانم بە

وشە گوزارشت لەمە بکەم، پاش ئەو خەونەم وشەکانیشم ون کرد، لانی کەم، هەموو وشە سەرەکییەکان، ئەوانەی زۆر پێویستن، بەهەرحاڵ: رێدەگرم و قسە دەکەم بەبێ سرەوتن، لەبەرئەوەی من ئەگەر نەشتوانم ئەوەی بینیم وەسفی بکەم، ئەوە بەو دوو چاوانەم بینیم.

بەڵام گاڵتەبازان بە هەموو شێوەیەک تێ ناگەن"خەون، ورێنە، هەلوەسە"..تد، ئایا ئەمە چ حیکمەتێکی تیایە؟! جا زۆریش شانازی بە قسەکانیان دەکەن! خەون؟خەون چییە؟ئایا ژیانمان زیاترە لە خەونێک، لەوە زیاتر دەڵێم: با وابێ، هەموو ئەوانە بەدینایەن، بەهەشتیش بوونی نییە(منیش باش لەوە دەگەم)بەڵام من لەگەڵ ئەوەشدا هەر موژدەبەخشانە رێی خۆم دەگرم، وێرای هەر شتێک کارەکە چەند ئاسانە، دەشێ لە یەک رۆژدا تەنانەت(لە یەک سعاتدا)دووبارە هەموو شتێک لە چاوترووکانێکدا بونیات بکرێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە-هەروەک چۆن خۆت خۆش دەوێ ئاواش ئەوانی ترت خۆش بوێ، هەر ئەمەشە خاڵە سەرەکییەکە و ئەسڵی هەموو شتێکە و بەس، جا هەر کاتێک بەدی هات ئەوە بەهەشتتان خولقاند، شایانی باسە ئەمەش هەقیقەتێکی کۆنە و مرۆگەل خوێندویانەتەوە و بلیۆنەها جار وتویانەتەوە.

ئیتر چۆن چۆنی دەکرێ لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە بگوزەرێنرێ و بگونجێی، کە دەڵێ"هەستکردن بە ژیان لە خودی ژیان شکۆمەندادترە و ناسینی یاساکانی بەختەوەریی لە خودی بەختەوەریی شکۆدارترە" ئەوەی پێویستە دژی تێ بکۆشی خودی ئەو بیرۆکەیەیە، منیش ئەمە دەکەم، هەر هێندە هەموان ئارەزووییان لە شتێک بێت ئیدی لەوساتەیدا بەدی دێت.

وەلی ئەو کیژۆڵەیەش هەر دەدۆزمەوە...دەڕۆم و...دەڕۆم و دەڕۆم!.

٢٠٢٢/١١/١٤

لە وەرگێڕانەکەی بوومەوە

بەهزاد